سریق کەریمپور:

ڤیستیڤاڵی بانە لە چەند دۆستێکەوە گوازرایەوە بۆ کاریگەری ناوچەییو ئێستا هەموو ئێران تیایدا بەشدارن

ڤیستیڤاڵی چیروکی بانە یەکێکە لە فێستیڤاڵە دیارەکانی چیرۆکی کوردیو ساڵانە بەشێکی زۆر لە چیرۆکنوسانو نوسەرانو رۆشنبیرانی فارسو کورد لە دەوری خۆی کۆدەکاتەوەو دەبێتە شوێنێک بۆ ئاڵوگۆڕی پەیوەندیە ئەدەبی و روناکبیریەکانی نەوەی نوێی چیروکو نەوەی خاوەن ئەزمونی ئەم بوارە.
ئەمساڵ ئەم ڤیستیڤاڵە پێناوەتە نۆهەمین قوناغیەوە، بۆ زیاتر ئاگادار بوون لە چۆنیەتی بەڕێوەچونی خولی ئەمساڵی ڤیستیڤاڵ گفتوگۆیەکمان لەگەڵ سریق کەریمپور بەڕێوەبەری کارگێری نۆهەمین ڤیستیڤاڵی چیرۆکی بانە ئەنجامدا:

ئا: پەیک

× سەرەتای دامەزراندنی یەکەمین ڤیستیڤاڵی چیرۆکی بانە دەگەرێتەوە بۆکەی ؟

- یەکەمین خولی ڤیستیڤاڵ دەگەرێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩٩ کە لەلایەن بەشی چیرۆکی ئەنجومەنی ئەدەبی شاری بانە و بە سەرپەرشتی حەمید رفاعی و بەرێوەبەرایەتی کارگێری شهرام مەحمودی لە دوو بەشی فارسی و کوردیدا پەرێوەچوو و چیرۆکەکانی یەکەمین ڤیستیڤاڵ لە پەرتوکێکدا بە ناوی (ئەزموون ١) لە چاپدرا، یەکەم جار ئەم ڤیستیڤاڵە لە ناو کۆمەلێک دۆستدا بوو لە بانە و تێدا بوو لە کرماشانەوە و لە ئیسفەهانەوە و شارەکانی دیکەوە کە کاری چیرۆکیان دەکرد، دواتر وای لێهات کە لە پارێزگا کوردیەکاندا بەرێوە دەچوو و دواتر تەواوی ناوچەی رۆژئاوای ئێرانی و دواتر نیوەی ئێرانی گرتەوە کە لە هەشتەمین خولدا تەنیا ٣ پارێزگای رۆژهەلاتی ئێران بەشداریان نەکردبوو، دووای ئەو بەردەوام بووە تا گەیشتۆتە نۆهەمین ڤیستیڤاڵ و کۆمەلێک کەسایەتی هاتونەتە ئەم شارە چ لە باشوری کوردستانەوە چ لە تاران و شوێنەکانیترەوە و توانیویانە پردێک لە نێوان ئەدەبیاتی کوردی و فارسیدا دورست بکەن.

× گورانکاری و جیاوازیەکانی نۆهەمین ڤیستیڤاڵی چیرۆکی بانە لەگەڵ ساڵانی رابردودا چیە؟

- یەکێک لەو جیاوازیانە کە نۆهەمین فیستیڤاڵ هەیەتی ئەوەیە کە ساڵانی رابردوو هەموو پارێزگاکانی ئێران بەشداری ئەم ڤیستڤاڵە نەبوون، بەڵام ئەمساڵ هەموو پارێزگاکان بەشدارن کە یەکێکە لە جیاوازیە بەرچاوەکانی و بەمەش ڤیستیڤالی چیروکی بانە لە قۆناغێکەوە چۆتە قوناغێکی دیکەوە، لە بواری چیرۆکدا ئەمساڵ ٢٠٠ چیرۆک زیاتر لە پار نێردراوە بۆ ڤیستیڤاڵ، لە بەرێوەچونی ڤیستیڤالدا پارساڵ تەنیا ٤ چیرۆکی مندالان دەخوێندرایەوە، بەڵام ئەمساڵ ٦ چیروک دەخوێندرێتەوە، پار ٢١ چیروکی فارسی دەخوێندرایەوە بەڵام ئەمساڵ ٣٥ چیرۆک، پار ٢١ چیرۆکی کوردی دەخوێندرایەوە بەڵام ئەمساڵ ٣٥ چیرۆک، ئەمانە گۆرانکاری بەرچاون و سەبارەت بە رەخنەی چیروک ئەمساڵ جیاواز لە ساڵانی پێشوو کە دوای هەر چیرۆکێک رەخنەگر رەخنەی خۆی دەخوێندەوە ئەمساڵ بریارە کە سەرجەم چیرۆکەکان لە لایەن رەخنەگرانەوە بە بەرچاوگرتنی یەک تەوەر لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت.

× ئەمساڵ چەند چیروک نێرراوە بۆ فیستیڤاڵ و چەند بەرهەم چۆتە بەشی کێبەرکێوە؟

- لە راستیدا ئەمساڵ ٧٩٣ چیرۆک لە دوو بەشی فارسی و کوردیداو ١٢٥ بەرهەم بۆ بەشی مندالان و ٢٦ وتاری کوردی و فارسی نێردراوە بۆ ڤیستیڤاڵ کە دوای خوێندنەوەی یەکەمی ئەم چیرۆکانە لە بەشی یەکەمی هەلسەنگاندندا چیرۆکەکان دیاری کراون، لە بەشی فارسیدا دادوەرەکان حەمە سالەحی سوزەنی، ناهید عەرجونی و محەمەد رەحیمیانو قاسم مەلا ئەحمەدیو ناسر یەزدانی و لە بەشی کوردیدا عەتا نەهایی، موراد ئەعزەمی و یونس رەزایی و ناسر یەزدانی بوون کە وەک لێژنەی زانستی ڤیستیڤاڵ ٣٥ چیروکی کوردی و ٣٥ چیروکی فارسیان هەلبژارد و لە بەشی منداڵانیشدا شەریف محەمەدی، بەختیار ئەحمەدی و خۆم لە ١٢٥ بەرهەمەکەدا ٦ بەرهەممان هەلبژاردوە و بەشی وتاریش نوسینگەی ڤیستیڤاڵ ٤ بەرهەمی بە باشزانیوە کە پێشکەش بکرێت.

× ئایا لە باشوری کوردستانەوە میوانتان بانگهێشت کردوە بۆ ڤیستیڤاڵو پێشوازی چیرۆکنوسانی باشور لە فێستیڤاڵ چۆن دەبینن؟

- ئێمە وەک ساڵانی پێشوو داوامان کردوە کە لە باشورەوە میوانمان هەبێت، پێرار سێ روژ پێش بەرێوەچونی ڤیستیڤاڵ پێیان راگەیاندین کە دەتوانین لەگەڵ میوانەکاندا قسە بکەین بۆ هاتنیان و بەڵام لە ماوەی سێ رۆژدا نەیاندەتوانی کە کارە ئیداریەکانیان تەواو بکەن بۆ سەفەر، ئەوە بوو رێکنەکەوت بۆیە ئێمە هەر لەسەرەتای کارەکانمانەوە داوامانکردوە کە میوانمان هەبێت و ئیدارەی گشتی وڵامیانداوینەوە کە دەتوانین میوانمان هەبێت و ناوەکانمان داوە کە کارەکانیان بۆ رێکبخەن کە ئێستا ناتوانین ناوەکانیان ئاشکرابکەین تا تەواوبوونی کارەکانیان، سەبارەت بە پێشوازی چیروکنوسانی باشوور، لە ڤیستیڤالی شەشەمدا لەگەڵ شێرزاد حەسەن و چەند کسێکی دیکە کە قسەمان کرد بەراستی بەلایانەوە سەیر بوو ڤیستیڤاڵێکی بەو شێوەیە لە شاری بانە بەرێوەدەچێتو هەروەها بە یەکێک لە سەرکەوتوترین ڤیستیڤاڵە ئەدەبیەکانیان ناودەبرد لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا، ئەوان هەردەم بۆ پێشوازیان گەرموو گور بوون بەڵام کاتێک ئەوان بێنە ئێرە باشتر دەتوانین وەڵامی ئەو پرسیارە بدینەوە، ئەو کەسانەی کە کاری چیرۆک دەکەن لە باشور کەسانێکی تایبەتن و دیارن کە ئێمە زۆربەیانمان بانگهێشت کردوە، دەتوانرێت کە ئەزمونەکان بگۆردرێتەوە ئەگەرچی ئەوانی لە گۆڤارەکانی باشوردا چیروکەکانیان بلاودەبێتەوە خەلکی رۆژهەلاتن و ئەو پەیوەندیە درووست بوە و دەمانەوێت کە پەیوەندیەکە لە نزیکەوە و پتەوتر ببێت.

× لە باشوری کوردستانەوە هیچ چیرۆکێک بەشداری ڤیستیڤاڵی کردوە؟

- نا، هیچ چیرۆکێک بەشداری نەکردوە، لە راستیدا ئێمە نەمانتوانیوە ڤیستیڤاڵ بگەێنینە ئەو ئاستەی کە بتوانێت وڵاتانی دەوروبەریش بگرێتەوە، سەرەتا لە چەند دوستێکەوە گوازرایەوە بۆ ڤیستیڤاڵێکی ناوچەیی کە ئەمرۆش لە هەموو ئێرانەوە بەشدارن تێیدا ئەگەر لەسەر ئەمە بەردەوام بین دەتوانین بیگوازینەوە بۆ هەموو وڵاتانی رۆژهەلاتی ناوین، کە پێویستی بە کار و هەولی جدیترە.

× جیاواز لەوجوگرافیا سیاسیە دەستکردە، ئایا ئێوە وەک وڵاتێکی جیاواز هەڵسوکەوت لەگەڵ چیرۆکی کوردی لە باشور دەکەن؟

× کاتێک باسی ئەدەبیات دەکەین دەبێت دیاری بکەین کە باس لە کام قۆناغ دەکەین، چیروک ژانرێکە کە لە بنەرەتەوە لە ئوروپاوە هاتۆتە ناوو ئێمەو ئێستاش لە ناو ئێمەدا ساوایە، جیاواز لەو کۆمەلە حەقایەت و چیرۆکە ئەفسانەییەکی کە لە ناوئێمەدا هەیە، هەریەک لە بەشەکان خاوەن ئەزمونی خۆیانن، جیاواز لەو جو گرافیا سیاسیە فەرزیە کە دانراوە یەکێک لە پەیوەندیەکانی چیرۆکی ئێمە زمانە،لە هەمانکاتدا دەسەلاتیش کاریگەری خۆی هەیە، بۆ وێنە بۆ چاپیکتێبێک لێرە پێویستە کۆمەلێک شوێن بیخوێننەوە کومەلێک بەشی وەلابنرێت و دواجار چاپ بکرێت، سانسور لێرە بەرچاوە، شێوازی نوسینەکەش جیاوازە، ئەو ئازادیەی کە لە نوسیندا لەوێ بەدی دەکرێت لێرە نیە، کە ئەتوانین بڵین کە بابەتەکە یەکن، بەڵام ئەو جیاوازیانە بەدی دەکرێت.

× ئەو کێشانە چین کە روبەروتان بوونەتەوە، ئایا سانسۆر لەسەر ڤیستیڤاڵی چیرۆکی بانە هەیە؟

- هەروەک دەلێن کە کاری گەورە کێشەی گەورەشی هەیە، ڤیستیڤالی بانە گەورەبۆتەوە و کێشەی گەورەی هەیە کە کورەکان و کچەکان بە هەول و ماندووبون و لێبوردەیی هەولدەدەن بۆ روبەرو بونەوە لەگەلیاندا، ئەگەرچی کێشەیەکی دەستنیشانکراوو نیە و هیوامان وایە کە ڤیستیڤاڵێکی باش بەرێوە بەرین، بانە لەخۆگری ٩ ڤیستیڤاڵە و توانیویەتی دەیەیەک چیرۆک لە خۆیدا جێبکاتەوە لە راستیدا ئەمەش شتێکی گرنگەو قورسایی خوی هەیە، سەبارەت بە سانسۆر، تا ئێستا هیچ سانسۆرێک نەبووە، ڤیستیڤالی بانە ڤیستیڤاڵێکی ئازادە و جیاوازیشی بە نیسبەت ڤیستیڤالەکانی دیکەوە هەر ئەوەیە و باس لە بابەتێکی تایبەت ناکات، و بابەتەکان سەربەخۆن و فێستیڤاڵ یەک بابەت ناگرێتە خۆ، ئەگەرچی ئێمە لە سیستەمێکی وەکو ئیرشاددا کار دەکەین و و ئەنجومەنی ئەدەبی کە سەربەخۆیە مەجبورە کە کۆمەلێک شت لەبەرچاو بگرێت.

× هۆکاری دواکەوتنی بەرێوەچوونی ڤیستیڤاڵ چیە و کاتی دیاریکراوی بەرێوەچوونی کەیە؟

- لە راستیدا من هەروەک پێشتر ئاماژەم پێدا کارێکی بەوشێوەیە بە دوور لە کێشە نیە، ئێمە یریار نەبوو ڤیستیڤاڵ دوابخەین، بەڵام لەسەرەتاوە لەبەر ئەوەی کە درەنگ دەستمان کرد بە کاری ڤیستیڤاڵ درنگ بانگەوازمان بلاوکردەوەوکاتێکی کەمیشمان دیاری کرد و پاش ئەوەی کە کۆمەلێک ئیمەیل و تەلەفۆنمان بەدەست گەیشت کە کاتێکی زیاتر دیاریکەین، ١٥ رۆژ کاتەکەمان زیاتر کرد، کە ئەو ١٥ رۆژە لە راستیدا بەرنامە بنەرەتیەکانی ئێمەی شێواند، دواتر دوای کۆکردنەوەی بەرهەمەکان نێردران بۆ دادوەرەکان کە ئەوانیش خوێندنەوەکەیان زۆری خاياند و لە١٠ی خەزەلوەردا توانیمان دیاری بکەین کە کام بەرهەمانە دەچێتە ناو ڤیستیڤاڵ کە ئەم کەم بوونی کاتە وایکرد کە بکەوینە پەلەپەل و هەروەها لە دابین کردنی پێداویستیەکانماندا هەندێک کێشەمان هەبوو، بۆ ئەوەی بتوانین کارەکانمان بە باشی بەرێوە بەرین بریارماندا کە زیاتر لە ١٥ رۆژ لە وادەی دیاریکراوی خۆی تێنەپەرێت، بەڵام هاوکات چەند فێستیڤاڵێکی تر هەبوو کە نەدەکرا هاوکات لەگەل ئەوان بێت، بریار وایە کە لە کوتایی مانگی خەزەلوەردا بەرێوە بچێت، کە کاتێکی دیاریکراومان دانەناوە و دواتر کاتەکە رادەگەێنین.